
# حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان یا به راستدا بردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری ؟!

بەشی دووەم

سەردار عبدولا حەمە




ئەحزابی سیاسی لە کۆمەڵگادا ئامرازی چینە کانە وەتەنها لە کۆمەلگای چینایەتیدا لە دایک دەبن بۆ دیفاع لە بەرژەوەندی و دەسەڵاتی چینایەتی دەردەکەون. ئەحزابی بۆرژوازی بە رەنگی جۆراو جۆر و بە ناوی جۆراو جۆرەوە سەرهەلدەدەن تا سەرمایە و مالکیەتی تایبەتی، کاری گرتە پایەدار بکەن ، بە پێچەوانەوە ئەحزابی کۆمۆنیستی بۆ هەلوەشاندنەوەیان سەرهەلدەدەن و خەبات دەکەن . ئەحزابی سیاسی ئامراز و نوێنەری بەرژەوەندی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانن نەک ئامرازو وەسیلەبن بۆ چارەسەری یەکێ لە کێشەکانی کۆمەڵگا. ئەمە پێناسەی مارکس و مەنصور حیکمەتە بۆ ئەحزابی سیاسی..

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ئەوە دروست نابێ کە یەکێ لە ستەمە کان لا ببات بەڵکو بۆ ئەوەیە سەرجەم ستەمەکان نەهێڵێ لە رێگای دامەزراندنی حکومەتی کرێکاریەوە چاو بکەن مەکتەبی سیاسی حککع لە بریارنامەکەیان بۆچی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دادەمەزرێنن و دەڵێن: کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان پێویستی بە حزبێکی تایبەتە کە بە پێی هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەلگای کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی تەواوی بەرنامەی (دنیایەکی باشتر)ی خۆی تێبکۆشێت. لە هەمان کاتیشدا یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسی کوردستان بە باری جیابونەوەو پیکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومیو غەیرە دینی لە رێگای هینانە مەیدانی ئیرادەی جەماوەری خەلک لە ریفراندۆمیکی ئازاددا ئەولەویەتێکی سیاسی ئەم حزبە بێت .

( ئەولەویەت) کە ووشەیەکی عەرەبیە واتە یەکەمین ئەی دووەمین کار ئەبی چی بی؟! هەرچەندە هاوریانی مەکتەب سیاسی حککع دەڵین ئەم حیزبە بۆ بە جێ گەیاندنی بەرنامەی دونیایەکی باشترە لە ( هەمان کات) دا ، لە پەرەگرافەکەیاندا پیشانی ئەدەن کە وانیە حیزب بۆ ئەولەویەت دروست دەکەن وە دەیانەوەی دونیایەکی باشتر دوا بخرێ بۆ کاتێکی تر بیخەنە قۆناخێکی تر . قۆناخ بەندی پەیوەندی بە کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە نیە بۆ هەر قۆناخێکیش حیزب پێک ناهێنێ. منیش لە گەڵ ئەوەدام چارەنوسی خەڵکی کوردستان ئەولەویەتە بەلام حیزبی تایبەتی ناخوازێ ئەمە گرێ دراوە بە بەشی لانی کەمی دونیایەکی باشترەوە وە هەردوو بەشی بەرنامە بەبێ یەکتر جێبەجێ نابن لەم کاتەی کۆمەڵگای چینایەتیدا قۆناخی رزگاری نیشتمانی بە سەر چووە تا حیزبی کۆمۆنیست رابەری بزووتنەوە میللیەکان بکا وە بە شێکی بۆرژوزای پێشکەوەتوو خواز نیە تا ریکەوتنی لە گەلدا بکرێ بۆ رزگاربوون لە ستەمە میللیەکان . بەرنامەی دۆنیایەکی باشتر بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە کە چارەسەرە بۆ ئەو کێشەیەو سەرجەم کێشەکانی تری ئینسان لە کۆمەڵگادا ، نەک وەک رابەری حککع حیزب بۆ ئەولەویەت و بۆ سانەویەت پێک دەهێنن لە کاتێکا مەنسور حکمەت بریاری دەمەزراندنی حیزبی دا بۆ رزگاری ئینسان لە هەموو کوێرەوەریەکانی یا بە مانایەکی تر بۆ دونیایەکی باشتر یا سۆشیالیزم هەر ئێستا نەک دواتر واتە حیزب بۆ ئەم مەبەستەش نەک مەبەستێکی تر . بەڵام لە لای هاوریانی رابەری حککع سۆسیالیزم بۆ کاتێکی ترە وە نایانەوێ بۆ ئێستای کوردستان مەتەرحی بکەن تەنانەت لە بریانەمەکەشیاندا نەیانووتووە

سۆشیالیزمیان دەویَ یا چارەسەری ریشەی کێشەی میللی بەم ئامانجەوە گریَ دراوە و ئەمەیان بۆ دواترە لای ئەوان و بۆ قۆناخێکی ترە چونکە چارەسەری مەسەلەی میللی لە لایان ئەولەویەتی هەیە حیزبی بۆ بینا دەکەن وە پێان وایە ئەم مەسەلەیە بە بیَ سۆسیالیزمیش چارەسەری هەیە کە ئەوە تەوەهوماتی چەپی سونەتی و چەپی سەردەمی رزگاری نیشتمانیە . ئەم ئەولەویەتە لە خۆدی بەرنامەی دونیایەکی باشتردا مەترەح کراوە ئیتر چ پێویست دەکات ئەمەی لیَ دەربهێنی جیای کەیتەوە لە کوللی بەرنامەکە . بەرنامەکە جگە لە مەسەلەی میللی زۆر شتی تری تێدایە ئەولەویەتە وەک مەسەلەی خزمەت گوزاریە تەندروستی و کۆمەلایەتیەکان ، ژنان ، منالآن ،لاوان ، بێکاری ، زیادکردنی کریَ ی کرێکار پەروەدەو فێرکردن ،ئازادی بیَ قەیدو شەرتی سیاسی و عەقیدە و بیر ورا، جیای دین لە دەولەت ...هتد ناکریَ بۆ هەموو ئەولەویەتەکان حیزب دروست بکەیت ئایا حیزب بۆ ئامانجێکی کاتی و تاکتیکی پێک دەهێنریَ؟ ئایا حیزبی کۆمۆنیست بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی پێک دێت ؟؟ بیَ گومان نا ، حیزب بۆ مەسەلەیەک و ئامانجێکی فروانتر دەبیَ پێک بێت نەک بۆ بەشێکی بەرنامە ی دونیایەکی باشتر.

ئەم هاوریانە لە بەشێکی تری بریارنامەکەیاندا وەسفی ئەو حیزبە دەکەن بە حیزبێکی " رادیکالٚ و دەسەلات خواز" وە دەسەلات لە ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی بسێننەوە. ئایا مەسەلەی چارەنوسی خەلکی کوردستان بە کۆتایی هاتن بە دەسەلآتی ناسیونالیزمی کورد دەبیَ یا بە کۆتایی هاتن بە دەسەلآتی حکومەتی بەغدا؟، کە فاکتەری سەرەکی بوونی ستەمی میللیە چونکە ئابوری لە ژێر دەستە وە مامەلەی پێوە دەکا وە حکۆمەتی مەرکەزی پیَ بە هێز دەکا بۆ ئەوەی سەرکوت بکاکە یەکیَ لەو سەرکوتانە سەرکوتی میللیە. بە کۆتایی هاتن بە دەسەلآتی مەرکەزی و وەر گرتنی قدرەتی ئابوری کۆمەلٚگا نەک دەسەلآتێکی نا پایەداری ناسیونالیزمی کورد ، وە لە هەمان کاتدا بە دامەزراندنی حکومەتێکی کرێکاری کێشەی میللی لە ریشەوە کۆتایی دێت ئەوکاتە بەڕەی ژێر پێی ناسیونالیزمی کوردیش رادەکێشێریَ.

ئەم هاوریانە دەلٚێن پشت بەستوو دەبن بە ئیرادەی جەماوەری کوردستان بۆ گرتنە دەستی دەسەلٚات بەلٚام نالێن بە چ شیوەک ، ئایا جەماوەری کوردستان رێک دەخەن لە حیزبدا یا ڕێکیان دەخەن لە رێکخراوی جەماوەری سەربەخۆ وەک شوراکانیان یان ئایا پێیان دەلێن بە راپەرین وشۆڕش ئەم دەسەلآتە بە دەستەوە دەگرن یارێکەوتن و دیپلۆماسی یا چی ؟. دیارە دەرنەخستنی ئەمە شتێکی تری شاراوە ی لە پشتە، مومکنە ئەوان دەسەلاتیان بویَ بەلام بە رێگای دیپلۆماسی یا رێکەوتن لە گەل رەوتەکانی بۆژوازی ( کە پێیَ ناگەن لەم رێیەوە) هەروەک ئێستا حیزبەکەیان لە کۆنگرەی ئازادی عێراقدا خەریکن هەر وا دەکەن چەندین رەوتی ناسیونالیستی عەرەبی و ئیسلامی و عەشایریان لە و کۆنگرەی ئازادی عێراقەدا کۆ کردۆتەوە بەرەیەکیان پێک هێناوە لەوان و لە خۆیان کە ئێستا خۆیان ئەقلیەتن تێیدا( هەر کەسێکی سیاسی دەزانیَ بەرە دروست کردن سوونەتی ئەحزابی سۆشیالیستی بۆرژوازیە) .

یا هەر وەک ئەم هاوریانەی کوردستانی حککع ماوەیەک پێش ئێستا داوای ئاشت بوونەویان کرد لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی وە پێیان ووتن ئەوە بۆ بڕینی ئەو بیانوەیە کە یەکێتی پێیان دەلٚیَ ئێوەی کۆمۆنیستی کرێکارین لە پشتی نارەزایەتیەکانی خەلکی کورستانەوەن . وە بە سەرکردایەتی یەکێتی یان ووت ئێمە نین ، ئایا ئەمە پشت کردن لە ئیرادەی جەماوەری خەلکی کوردستان نیە ؟ ئەمە مانای هاورا بوون لە گەلٚ ئیرادەی خەلکی کوردستانە یا خۆجیاکردنەوەیە

لێی ئەگەر پشت بەستن وا بێ ئەی پشت تێ کردن چۆنە؟
لە دەقی بریارنەمەکەی مەکتەبی سیاسی حککع هاتووە کە لە پلینۆمی 19 ی کۆمیتەی ناوەندیدا بریاری جێبەجێ کردنی ئەو حیزبە کورستانەیان داوە لە ماوەی 2 مانگدا و چەند کەسێکی مەکتەب سیاسی و کۆمیتە ناوەندی حککع هەلدەستن بەبەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە . لێرەدا جێگای سەرسورمانە کەسانێ کە مەکتەب سیاسی حیزبێکی بە ناو کۆمۆنیسی کرێکاری بن وە دەچن حیزبێکی تریش دروست دەکەن کەچی کاتێ ئیمزا دەدەن لە کەمپینی نارەزایەتیەکان وەک: ئەوەی لە کەمپینەکەی" دۆعا" بە خۆیان دەڵێن رۆشنبیر و نوسەر وە بە خۆیان ناڵێن کۆمۆنیست ئەمەیە بانێکەو دوو هەوا . ئایا ئەمە ئۆپۆرتۆنیزم نیە ؟ ئایا رابەرانێکی ئۆپورتۆنیست ئەتوانن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کورستان پێک بهێنن؟! . ئێوە زۆرتان ئەوەتان لە بیرە کادیرەکانی حیزبی شیوعی زۆر جار خۆیان دەکرد بە مەلا و شێخ، پێش نوێژیان دەکرد لە مزگەوتەکان تەنانەت نازناوی مەلا و شیخیان بۆ خۆیان دادەنا تا بەلکو لەو رێگایەوە خەلک بهێنن بۆ حیزبەکەیان خۆیان لە گەڵ خەلک ئەسازاند بە هەر جۆرێک بێ . هاوریانی رابەری حککع خەریکە ئەم دەسکەوتە پۆپۆلیستیە مێژوویەی حیزبی شوعی بە دەستەوە دەگرن. کۆمۆنیستەکان هیچ کات کۆمۆنست بوونی خۆیان لە خەلک ناشارنەوە چ بە ناوی تاکتیک یا هەر ناوێکی ترەوە بە کۆمەڵگا ئەڵێن ئێمە کۆمۆنیستین رۆشنبیر نین ئەمەش وێنەکانمانە تا بماننناسن . ئەمەیە سوونەتی رابەر و کادیری کۆمۆنیستی کرێکاری کە مەنصور حکمەت باسی دەکا نەک رابەرانی حککع کە مۆرێکی تر ( رۆشنبیر و نوسەر ) لە خۆیان دەدەن بۆ راستی ئەمەش چاو بکەن لەو بانگەوازەی بە قەولی خۆیان بۆ ( کورد زبانەکانی دەرەوەی وولات ) کردوویانە بۆ رۆژی ماتەمینی "دوعا". کە رووی لە کوردەکان کردوە رۆژێ بۆ ماتەمینی بۆ دوعا دیاری دەکەن بە ناوی رۆشنبیرانەوە نەک کۆمۆنیستەوە ئیمزایان لە راگەیاندنەکە داوە. دوو لایەنی راسترەوی زالە بە سەر ئەو بانگەوازەدا یەکەم شاردنەوەی هەویەی کۆمۆنیستی خۆیان ، دووەم دیدێکی ناسیونالیستی کە تەنها کوردەکان بانگەواز دەکا بۆ بەرپا کردنی ماتەمینی" جگەلەوەی کۆمۆنیزم کرێکاری رۆژی ماتەمیینی نیە کۆمۆنیستەکان نارەزایەتیان دەبێ هەبێ " بۆ کوشتنەکەی "دوعا" لە کاتێکا کەسانێکی زۆر نارەزایەتیان دەربری دژ بەو تاوانە کە کورد زبانیش نەبوون . ئەگەر لە سەر ئەم میتۆدە حیزبی نوێ لە کوردستان پێک دەهێنن ئەوە هیچ پەیوەندی نیە بە کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی مەنصور حیکمەتەوە .

2007/6/4

ماویەتی